## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٢٢٤) لە ٢٠٢٣/٦/٢١

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و بە ڕەچاوکردنی کۆتاییهاتنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١٢) لە ٢٠٢٣/٦/٢١، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. گفتوگۆ و دەنگدانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر ڕەشنووسی پڕۆژە یاساکان کە تا ئێستا دەنگدانی کۆتاییان لەسەر ئەنجام نەدراوە بۆ دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوادەخرێت، و تا ئەو کاتەش ئەنجومەنی وەزیران وەزیرەکان ڕادەسپێرێت بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکان لە چوارچێوەی پەیڕەو و ڕێنمایی و بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بە ڕەچاوکردنی بنەما یاساییەکان.

٢. بۆ مەبەستی هاتوو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە، وەزارەتەکان پێشنیارەکانیان ئاڕاستەی سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکەن تا بە هەماهەنگیی لەگەڵ سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بڕیاری پێویستیان لەسەر بدرێت دواتر ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت بۆ بڕیاردانی کۆتایی ئەویش بە ڕەچاوکردنی هەبوونی بنەمای یاسایی بۆ دەرکردنی پەیڕەو و ڕێنمایی و بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران.

٣. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونییەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**